BO KURDISTAN

www.pazadik.com
www.pazadik.org
bo.kurdistan@yahoo.com

ژمارە [٣٠] | پارتی ئازادیی کوردستان دەری دەکا | NO:(30)

یادێک لە شوانەی سەید قادر

ئا: کاکەڕەش لاجانی

کاتێ چاو دەبڕمە تیشکی بەتینی خۆرەتاو، ئەو کانگا بە هێزەی رووناکی و نوورە، بێ ئیختیار لە تاو ئەو تیشکە پڕنوورە چاودەنووقێنم وسەردانەنوێنم. وەختێ شەپۆلی بەسام و هەیبەتی دەریای بێ پایان دەبینم، هەتا چاو هەتەر دەکا،شەپۆل دوای شەپۆل، بە تەوژمێکی زیاتر دێت و هیچ بەرهەڵستێ ناتوانێ بەرگری لێ بکات، گێژ دەخۆم و دائەنیشم. زەمانێ کە تاریکە شەوی بەهار دادێ وله نێو جەنگەڵ و دارستانی زەمەند و چڕ دا دەڕۆم، لە سامی شەوەزەنگی بێدەنگی دا تەزوو بە لەشم دادێ و سەرم سووڕ دەمێنێ، ئەوانە هاوتان لەگەڵ دەسەلاتی ئێنسان وروانگەی قودرەتی سرووشت وبەزدان.

بەڵام کاتێ کە ئێمانی پتەو و وریە بەرزی تۆ، ئەی هاوڕێکەم، دەخەمە بەر نەزەر و خەیاڵت لێ دەکەمەوە بەلای منەوە تۆ لە خۆری دونیا روناکتر و پڕ نوورتری و لە دەریای بێ پایانی کاتی تووفان بە سامتری و لە شەوەزەنگی دارستان بە شەوکەت تری. چوونکە دەبینم کە هێزی تەیار و پوشتە و پەرداخی دوژمن، بەسەدان هەزار کەسەوە، لە سەدان پێگەی ئاشکرا و نهێنی یەوە، بە بیر و باوەڕی کۆنەپەرستانەیسەدەکانیئێوەڕاستەوە، بە درندانەترین شێوە و لە لوتکەی بێ بەزییدا کە لە مێژووی گەلانی دونیا دا کەم وێنەیە، هێرشت دێننە سەر و تۆ ئەی پاڵەوان، ئەی نووری چاوی کوردستان، بە دەستی بەتاڵ و گیان لە سەر دەستان بە گژی دا چووی و هەڵمەتت دەبرد و سەرت لێ شێواند و لە ئاکام دا جوامێرانە گیانت ئەسپارد و ئازایانە بەرە و پیری مردن ڕۆیشتی. تۆمان ناسی کە ئاڵا هەڵگرێ بووی، لە پیرۆزترین و بە شکۆترین خەباتگێڕانی سەدەی بیست و یەک، تۆ بە ورە و ئیمانی بەرز و پتەوی خۆت بە دژی یەکێ لە خوێنمژترین و ساماناکترین، هێزەکانی سەرکوتکەری دونیا، قارەمانانە راوەستای، تۆ سەرەڕای ئەرکی پیرۆزی پارێزگاری لە ماڵ و گیان و ناموسی کوردستان ، پارێزگاریت لە زانست و فەرهەنگ و عەشق و موسیقی و شێعر و گشت بەرهەمەکانی ئازادیی و هەموو شوێنەوارەکانی شارستانیەتت کرد. مێژووی مرۆڤایەتی هیچ کات ئەو ئەرکە پیرۆزەی تۆ لە بیر ناکا و بەختەی زێڕین، بۆ بەرە و نەوەی داهاتووی دەیدووسێتەوە. لە کاتێکدا کۆنەپەرەستی دڵ ڕەش دەیویست یاسای دژی ئازادیی و عیلم، نەک هەر بەسەر نەتەوەکانی ئێران، بەڵکوو بە سەر گەلانی دیکەش دا داسەپێنێ، تۆی قارەمان و فیداکار و نەبەز، تۆی کۆڵنەدەر و سەربەرز لە زێر شابالی ئاڵای دایکی نیشتماندا، راوەستای و بەربەرەکانیت کرد. تۆ بە مەشخەڵی پڕ نووری زانستت ، بە قیمەتی خوێنی هەزاران شەهیدی موقەدەس، تاریکایی زوڵمەت و نەزانی و دڵی وشکی مێشک وشکانی بێ مێشکت دڕی، وڵاتت روونا‌ک کردەوە و فرمێسکی مەینەت و کەسەری و یەخسیریت لە چاوی دایکانی دڵسووتاو سڕی. خۆت بناسە ئەی جگەر گۆشەی دڵی دایکی نیشتمان، تۆ بووی کە بە لەخۆبردوویی و فیداکاری، هەزاران شانازیت خوڵقاند، ئەو شانازیانەی کە دەبێ لە سەر هەر کامیان نەوەی داهاتووی پێ فرچک بدرێ، ئەو شانازیانەی کە لە کۆنە ئەفسانەکانی ڕۆم و یونان و ئێران گەورەتر و بەشکۆترن. تۆ بە کردەوە بە خوێنی پاک و پیرۆزی خۆت، حەماسەیەکی دیکەی مێژووی کوردایەتیت خوڵقاند و بە دونیات سەماند کە چۆن لە ئازادیی، لە ئینسانییەت لە شارستانییەت بەرگریت کرد و دێوەزمەی ڕەشی دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی و نەزانینت خستە ترس و تەختی فێرعەونی زەمانت لەرزاند وڕماند. تۆ لە گشت کانگا گەوهەرەکانی دونیا بە نرخ و بایەختری، تۆ وەک دیارە پیرۆزەکانی دینی موقەدەسی گەلی کورد، بەکردەوە ئەو ڕاستییەت سەلماند، کە پەیڕەوی ڕاستەقینەی دینی ئیبراهیمی و هەزاران ئیسماعیلی خۆشەویست بە قوربانگای ئازادیی پێشکەش دەکەی و لە ئاگری نەمرورودی ئیمامی شەهیدان ساغ و سەلیم هاتیتە دەرێ و تا ئەو کاتە قاڵ نەبوویتەوە. سەلماندت کە وەک ئینسانە گەورەکانی مێژوو، نە زبروزەنگی دیکتاتۆری، نەزریندگەی زێڕ و زێو و نە زرق و بڕقی ناو کۆشک و تەلار و نە گشت شتە بەڕواڵەت جوانەکان، هیچ کامیان بەڵێ، هیچ کامیان نەیان توانی سەرنجی تۆی ڕێبواری ڕێگای شەرەف و کوردایەتی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. سەلماند کە چۆن لە ئازادیی، لە ئینسانییەت لە شارستانییەت بەرگریت کرد و دێوەزمەی ڕەشی دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی و نەزانینت خستە ترس و تەختی فێرعەونی زەمانت لەرزاند وڕماند. تۆ لە گشت کانگا گەوهەرەکانی دونیا بە نرخ و بایەختری، تۆ وەک دیارە پیرۆزەکانی دینی موقەدەسی گەلی کورد، بەکردەوە ئەو ڕاستییەت سەلماند، کە پەیڕەوی ڕاستەقینەی دینی ئیبراهیمی و هەزاران ئیسماعیلی خۆشەویست بە قوربانگای ئازادیی پێشکەش دەکەی و لە ئاگری نەمرورودی ئیمامی شەهیدان ساغ و سەلیم هاتیتە دەرێ و تا ئەو کاتە قاڵ نەبوویتەوە. سەلماندت کە وەک ئینسانە گەورەکانی مێژوو، نە زبروزەنگی دیکتاتۆری، نەزریندگەی زێڕ و زێو و نە زرق و بڕقی ناو کۆشک و تەلار و نە گشت شتە بەڕواڵەت جوانەکان، هیچ کامیان نەیان توانی سەرنجی تۆی ڕێبواری ڕێگای شەرەف و کوردایەتی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

ئەی ڕێڕەوی حەقخوازانەی نەتەوە: ئەی ڕێچکەی بیری سەربەخۆیی: ئەی ئەو پارتەی کە بووی بە میراتگری کۆماری کوردستان و سەروەرییەکانی؛ تۆ بە دونیات سەلماند کە ڕۆڵەی هەڵکەوتوی میللەتی کورد بە بەرگی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتییەوە بە گشت کەم و کوڕی و ناتەواوییەوە دەسازێنێ؛ بە گەرما و سەرما، بە قوڕ و چڵپاو تا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکان، شێڵگیر و بێ وچان ڕۆڵەی دیکەش بە قوربانگای ئازادیی پێشکەش دەکەی. بەڵام هەرگیزا و هەرگیز کڕێتۆش بۆ ئینسان کوژانی دژی زانست نابەی و لە ئازادیی و شارستانییەت دیفاع دەکەی و تارژێمی داگیرکەر و دێوەزمەی زەمان تێکنەشکێنی، هەدا نادەی. هۆ شوانە گیان: بۆ دواجار لەبەرامبەر کەسەمی پیرۆزت چۆک دا ئەدەم و کڕێتۆشت لەبەر دەکەم و کاروانی دوعای خێرت بۆ دەنێرم و بە یەزدانی کوردستانت دەسپێرم.

کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستای نەمر حەسەن زیرەک

هونەرمەندی ناوداری نەتەوەکەمان مامۆستای دەنگ خۆش و گۆرانیبێژ مامۆستاحەسەن زیرەک، لە شاری بۆکان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە ساڵی ١٩٢١ چاوی بە دونیا هەڵێنا. مامۆستا زیرەک ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و هەژاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە توانی بە دەنگە ڕەسەنەکەی ببێتە بلیمەتێک و لەگەڵ ئەوەی هیچ خوێندەوارییەکی نەبوو، کۆمەڵێک لە شێعر و گۆرانییەکانی خۆی بۆ خۆی هۆنیوەتەوە و بە بەردەوامی تاکوو ئێستەش ئاوازەکانی لە گوێی هەموو نەتەوەی کورد بە گشتی و کۆمەڵێک نەتەوەی تری دەوروبەرماندا دەزرینگێنەوە. هونەرمەند زیرەکی دەنگ خۆش لە گەرەکی سەر قەڵا هەر ئەو شوێنەی کە قەڵای سەردار و مزگەوتی جامیعە و حەوزە گەورەی بۆکانی لێ هەڵکەوتووە، لە ڕۆژی ١٩٢١/١١/٢٩ لە دایک بووە. یازدە ساڵان دەبێ کە باوکی کۆچی دوایی دەکا و دوای ماوەیەک دایکی شوو دەکاتەوە. زیرەک و خوشک و براکانی دەکەونە ژیانێکی پڕ لە سەخڵەتی جیا لە یەک. بە پێی ناسنامەی خوا لێخۆشبوو حەسەن زیرەک، (ژمارە ٧٣٥ ی ئیدارەی سەبت و ئەحوالی شاری بۆکان، بەم جۆرەیە: ناو حەسەن ناوبانگی زلە بۆکانی ناوی باوک عەولا زلە بۆکانی ناوی دایک ئامینەیە) لە تەمەنی زێر دە ساڵیدا لە گەڵ عەبە چاوەش و حەمە حسێن چاوەش لە شابیەکانی ناو شار و گوندەکانی بۆکان گۆرانی چڕیوە. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا شاگردی مسگەری و قاوەچێتی دەکا و هەروەها ماوەیەکی زۆریش شوانی مەڕ و ماڵاتی ماڵە دەوڵەمەندەکان و ئاغاکانی ناوچەکانی بۆکان دەبێ. تەمەنی مامۆستا زیرەک ١١ ساڵان دەبێ کە باوکی دەمرێ و دایکیشی شوو دەکاتەوە، هەر لەو تەمەنە کورتەدا هەتیو دەبێ و بۆ بژێوی خۆی و بنەماڵەکەی دەست دەکا بە قاوەچێتی. ساڵی ١٩٥٣ بۆ یەکەم جار دەنگی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا بیستراوە، ١٤ ی گەلاوێژی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، هەر لەو ساڵە دا لە گەڵ میدیای زەندی زەماوەند کردووە. لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە تیپی شانۆی هونەرە جوانەکان لەگەڵ ستێوەخان و ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا لە شانۆ نامەکانی (بووکی ژێر دەواری ڕەش ، خەسوو یا ئەژدیها، تەڕ پیر) بەشداری کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٧ — ١٩٦٨ لە شاری سەقز هۆتێلی سێ ئەستێرە هەبووە کە لەوێ گۆرانیی ووتووە. ساڵی ١٩٧١ تووشی نەخۆشی شێر پەنجەی جەرگ دەبێ و پاش ماوەیەکی زۆر مانەوە لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان، لە ڕۆژی ١٩٧٢/٦/٢٦ ماڵئاوایی لە زێد و نیشتمانەکەی دەکا و لە سەر وەسیەتی خۆی لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە کە دەڕوانێتە بۆکان ئەسپاردەی دایکی نیشتمان دەکرێ.

«لە سیلەی قەبران هاوارە
حاکم بمدا لە سێدارە
من نانێم مەیلی ئەو یارە»
روحی شاد و یادی بەخێر بێ.

ڕەوژەن

هەواڵسازی جۆرێکی دیکە لە سیاسەت؟

ئاوات

لە کوردستان، هەواڵسازییش بووەتە دیاردەیەک لە جیهانی ڕاگەیاندندا. هەواڵ واتا گواستنەوەی ڕووداوێک بۆ ناو جەماوەر لە ڕێگای ئامراز و کەرەستەی جۆراوجۆرەوە. ڕووداوێک کە بنەمایەکی ڕیئاڵی بۆ بوون هەیە. بەڵام هەواڵسازی وەک لە ناوەکەی را دیارە، یانی دروسکردنی هەواڵ، سازکردنی هەواڵ. بە وتەیەکی دیکە واتە درۆ هەڵبەستن!

پارتی ئازادیی کوردستان، وەک هێزێکی سیاسیی کە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوییە، دوور نەبووە و نییە لە هەڵە و کەم و کوڕی. بەڵام لە ماوەی ژیانیدا هیچی ئەوتۆی لێ ڕوو نەداوە کە شەرمی پێوە بکا و لە عەینی کاتدا دڵی دوژمن، نامەز یان ڕکەبەری پێ خۆش بێ. زۆر جار بەسەرهاتەکانی PAK دڵی دوژمن و نامەزی پێ خۆش بووە، بەڵام نەک هێڵگای شەرم نەبووە بۆ خۆی، بەڵکوو شانازیی پێوە کردووە و بووەتە بەشێک لە سەروەرییەکانی.

ئەوە چەند جارێکە، نەیارانی PAK، لەبەر ئەوەی لە جیهانی واقعدا شتێک لەسەر ئەم حیزبە شک نابەن دڵی پێخۆشبکەن و لەقاوی بدەن و بە خەیاڵی خۆیان ئاڕووی پێبەرن، ڕوویان لە هەواڵسازی کردووە. هەواڵسازی؛ واتە شتی نەبوو بە بوو کردن. یانی باسی شتێ کە ڕاست نییە و ڕووی نەداوە. بە کوردی واتا درۆ هەڵبەستن!

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆش دا، بەهۆی بوونی ئامرازگەلی پێشکەوتووی گەیاندن وەک ئەنترنێت و سەتەلایت، زۆر بە ئاسانی دەکرێ پرۆژەی هەواڵسازان ئەملاو ئەولای پێ بکرێ و ببیندرێ یان ببیسترێ. بەڵام ڕەنگی ئەو جۆرە هەواڵانە هەمیشە بۆرن و ڕەنگی واقعیەت هەر بە سەوزی دەمێنێتەوە. قسە بەناوبانگەکەش لەبیر نەکەین کە ڕەنگە بۆ ماوەیەک بکرێ هێندێک کەس هەڵخەڵەتێندرێ، بەڵام بۆ هەمیشە ناکرێ هەموو کەس بخەڵەتێندرێ. ڕاستی و حەقیقەت ئەگەر بۆ ماوەیەکیش وەن کرێن، یان بخرێنە ژێر چارشێوی ڕەشەوە، سەرەنجام هەر تیشکی خۆیان دەهاوێژن.

تۆ بڵێی لەم سەردەمەدا و بەکەڵک وەرگرتن لە ئامراز و کەرەستەکانی ڕاگەیاندن و ئەو مالپەڕانەی کە وەک سێبەر بۆ «حیزب» ڕێکخراون و لە حیزبەوە خۆراکیان دابین دەکرێ، هەواڵسازی بێتە دیاردەیەک لە سیاسەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟ ئایا ئەم شێوەیە لە سیاسەت، بەرژەوەندیی گشتی و دیفاع لە گیان و نەتەوە کە دەبێ ئامانجی سەرەکیی «سیاسەت» بێ، تێدایە؟ کێ بە بەرپرس و دەسپێشخەر، یان بڵێین ڕەهشکێنی ئەم ڕێگایە دەناسرێ؟ داهاتوو وەڵامیان دەداتەوە.